هاوڕێ سەرداری ئازیز

سڵاو و خۆشەویستیم بۆ ئێوە و باقی هاوڕێیان لە سویسرا

بۆ نامە و دەسخۆشییەکەتان گەلێک سوپاستان ئەکەم و بۆ من مایەی خۆشحاڵییە و هێز و دڵگەرمی بە من ئەبەخشێ. یەکێک لە ئاواتەکانم، وەرگێڕانی تەواوی دانراوەکانی مارکس، ئەنگڵس، لێنین و مەنسور حیکمەتە، بەڵام بە داخەوە لە کوردستان حەفتا ساڵە باسی کۆمۆنیزم دەکرێ، کەچی حەوت کتێبی چاپکراوی ئەو ڕابەرانە بە چاپ نەگەییشتوون، ئەمەش کەلێنێکی گەورەیە و تەقسیرییەکی زۆرە بۆ کۆمۆنیستەکان.
بۆ ئەوەی کۆمۆنیزم لە هەر شوێنێک بڵاوبێتەوە، هەنگاوی یەکەم، وەرگێڕانی نووسراوەکانی ئەو ڕابەرانەیە، تاوەکوو ببێتە بناغەیەکی پتەو بۆ کار و هەڵسووڕان و جەدەل. وەلێ بە داخەوە، تەنانەت لە نێو کۆمۆنیستەکانیش دەورکردنەوەی ئەو نووسراوانە فەرامۆش کراوە و وەرگێڕانیان نەکراوە بە ئەرک.
ئەوەندەی بە من بکرێ و لە توانامدابێ لەو بوارەدا، بۆی تێئەکۆشم.
جارێکی دیکە سوپاس، لەگەڵ ڕێزم

سالار ڕەشید

2007/8/1